ئەم وتارە بۆ سێمینارێك لە پالتاك ئامادەكرابوو. هیوادارم دوور و درێژیەكەی ماندووتان نەكا.

## چاوخشاندنێكی كورت  بە سەر بەیاننامەی " پارتی ژیانی ئازادی كوردستان"

### " پرۆژەی چارەسەریی دێمۆكراتیك لە ئێران"

ئەمرۆژانە بەیاننامەیەك لە ژێر سەردێری " پرۆژەی چارەسەریی دێموكراتیك لە ئێران" لە راگەیەنە گشتییەكاندا بڵاو كرایەوە. .نووسەر و بڵاوكەرەوەی ئەو راگەیەندراوە خۆی بە "ناوی پارتی ژیانی ئازادی كوردستان ناودێر" كردووە.
لە راستیدا ئەم پرۆژەیە راگەیاندنی لەدایكبوونی حیزبێكی سیاسییە لە گۆرەپانی خەباتی نەسرەوتووی كوردستاندا.
هەرچەند  دامەزراندنی حیزب  و رێكخراوەی سیاسیی  بە پێی پێوانەكانی دێموكراسی و پرەنسیپی" ئازادیی دەربرینی بیرورا"، مافی هەموو دانیشتوانی وڵاتە و هیچ كەسایەتیەكی شەخسی و حقوقی ناتوانێ  دژایەتی ئەو مافە بكا. بەڵام لە پێوەندیی لەگەڵ دامەزراندنی ئەو حیزبە پرسیارێك دێ دە مێشكەوە. پرسیارەكەش ئەوەیە كە، بوونی  چەندین حیزب بە بەرنامە و تاكتیك و ستراتێژیی وەكو یەك، بزووتنەوەی رەوای گەلی كورد خێراتر بەرەو سەركەوتن دەبا یان دەبێتە هۆی لەت بوونی وزە و توانای گەل ؟ ئایا حیزب یان گرووپی تازەپێكهاتوو  كێشە نێوخۆیییەكان چارەسەر دەكا یان دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی و گیروگرفتی زیاتر بۆ بزووتنەوەكە؟ ئایا بۆشاییەكی سیاسیی و فكریی پر دەكاتەوە كە حیزبەكانی دیكە نایانتوانیوە چارەسەری بكەن؟ لاوازی رێكخستن و هەڵسوور نەبوونی  حیزبە سیاسییەكانی حازر بە هەر هۆیەك ئەو رێگەیە دەدا كە حیزبێكی سیاسیی نوێ پێك بێ و كورد دەتوانێ لە ژێرباری قورسی ئەو هەموو گیروگرفتەی كە لە دادێدا چاوەروانی دەكرێ پشتی راست بكاتەوە؟
ئەمانە كۆمەڵە پرسیارێكن كە وەڵامەكانیان پارادۆكسن واتە دوو وەڵامی راست و پر بە پێستیان هەیە. مەسەلەیەكی دیكەش لەو پەیوەندییەدا سەرنجراكێشە، ئەویش وەڵام دانەوە بەو پرسیارەیە كە ئایا  رێبەرانی سیاسیی حیزبە سیاسییە كوردیەكان لە پارچەكانی دیكە مافی پێكهێنان و سازماندانی حیزب و رێكخراوە یان مافی دەستتێوەردان لەكاروباری بەشەكانی دیكەیان هەیە؟ ئەگەر وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە، بەڵی، بێ، دەبێ لە پێوەندیی حیزب و سازمانە سیاسییەكانیش دا پرەنسیپی هاوكاریی و پێكەوە ژیان لەلایەن هەمووانەوە بپارێزرێ. بۆ ئەوە لە گیروگرفتەكان كەم بكرێنەوە، وزەی حیزبەكان دژ بە یەكتر نەكەونەكار و دوژمنی گەلی كورد لە دووبەرەكیی و چەند بەرەكیی حیزبە و سازمانە سیاسییەكان كەڵك وەرنەگرێ.

دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە نەیان نووسیوە کێن؟ لەوە پێش لە کام ڕێکخراوەدا بوون و بە پێی کام هەلسەنگاندن، بە پێویست بوونی دامەزراندنی ئەو حیزبە تازەیە گەیشتوون نەدیارە.
هەلومەرجی نوێی سیاسیی ناوچەکە، ڕوخانی ڕێژیمی دژی مرۆڤی سەددام ، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ کوردستان، گوشاری نیزامیی- سیاسیی بۆ سەر ئێران، مسۆگەر بوونی ئاسۆیەکی ڕوونتری سیاسی بۆ کورد لە ناوچەکە بە گشتیی، کۆمەڵە فاکتۆرێکن بۆ ئەوە دەبن کە لەو پێوەندییەدا بێریان لێ بکرێتەوە. هەر وەها لەئاکامی ئەو هەلومەرجە تازەیەدا گیروگرفتی سیاسی بۆ حیزبە سیاسییەکانی جێگیر لە باشوری کوردستان هاتووەتە کایەوە کە ڕەنگە ئەوەش تەوجیهی پێکهێنانی ئەو حیزبە نوێیە بکات. من داکۆکیی و دژایەتی لە مەر دامەزراندنی ئەو حیزبە بۆ ڕوونکردنەوەی دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە و دژبەرانی بەجێ دێڵم. چاوەڕوانییش ئەوەیە بەڕێوەبەرانی ئەو حیزبە خاڵە سەرەکییەکانی پێویستیی فیکریی و سیاسیی هەبوونی خۆیان وەکو بەدیلی حیزبە سیاسییەکانی دیکە بە ڕوونی بەکۆمەلانی خەڵك ڕابگەیەنن.
لەسەرجەمی بلاۆکی ئەو حیزبەدا باسێك لە ناسینی حیزبەکانی دیکەی کورد لە و بەشەی کوردستان لە ئارادا نییە. بەپێی ئەو پێشەکییە و قبولی ئەو پرەنسیپە کە هەموو هاووڵاتییەك و کەسایەتییەکی حقووقی مافی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی هەیە و بەلەبەر چاوگرتنی ئەوە کە هەر حیزب و تاقمێکی سیاسیی ، بازرگانی یا هەر دامودەزگایەکی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکی حقووقییە، دەبوو دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بە ناو ئاشکرا بن تا کۆمەڵگا بزانێ لەگەڵ چ کەسانێك ڕووبەڕووە و چ هەڵس و کەوتیکی دەبێ بەرامبەر بەوکەسانە هەبێ. تاقمێکی نەناسراو ناتوانێ لە هیچ وڵاتێکدا بە ناوی گەلەوە، بە بێ ناساندنی خۆی و دیاریکردنی مەبەست و ئامانجەکانی دەست بخاتە نێو کاروبار و ژیانی ئاسایی خەڵکەوە. لەمەر کوردستان و خەباتی میللی دێمۆکراتیکی گەلی کوردیش مەسەلەکە گرینگترە چونکە ئەو خەباتە بە خوێن و فرمێسك و خەساری لەرادەبەر گەیشتووەتە ئەم قۆناخە و ناکرێ تاقمێکی نەناسراو تێی ڕۆبێ و بزووتنەوەکە بەرە هەڵدێری نەمان بەرێ.
حیزبی سیاسی دەبێ بەرنامەو پرۆگرامی سیاسیی خۆی هەبێ، ئەو بەرنامە و پرۆگرامەش لە پاش هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی سیاسیی و شیکردنەوەی هەلومەرجی ئێستا و قۆناخی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، بە شێوەیەکی زانستی ڕێ نیشاندەربێ.
حیزبی سیاسیی دەبێ لە بەرنامەکەیدا شێوەی وەرگەرتنی ئەندام ، سەرچاوەکانی داهات، ستراتێژی و تاکتیکی خۆی دیاری کردبێ. کونگرە و کۆنفەرانس و سیستمی تەشکیلاتییەکەی دیاریکراو بێ . بە گشتی پاش ئەوەی جیهانبینی ، فەلسەفەی هەبوو ن و کاروتێکۆشانی خۆی دیاری کرد، دەبێ ئامانجەکانی بە ڕاشکاوی دەربرێ.
ئەم ڕاپۆرتە بێ خاوەنە لەسەر شێوەی دروست بوونی ئەو حیزبە و بنەما سەرەکییەکانی بێدەنگە و مرۆڤ وادەزانێ نووسەرانی بێناوو نیشانی ئەم حیزبە لە سەرتاسەری 25سالی ڕابردوو و لەوە پێشتیریش کاری سیاسییان کردووە و ئەمرۆ خەباتی گەلی کوردیان گەیاندووەتە لووتکەی سەرکەوتن!!.

شیکردنەوەی هەموو بەندەکانی ئەو بەیانییەیە بۆ زانیاریی زیاتر و تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجە نهێنییەکانی نووسەرانی گەلاڵەکە کارێکی پێویستە، بۆ ئەوە کەم و کووڕییە ناتەبا فیکرییە سیاسییەکانی ئەو نووسراوەیە بۆ کۆمەلانی خەڵك و ئەندامانی دوارۆژی دیار بێ.

سەرەتای ئێعلامییەکە ئاوا داست پێدەکا :

"دەسکەوتە نوێییەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا رەوتی وەرچەرخانی کۆمەلایەتیشی رووبەرووی گۆرانکاری بنەرەتی کردۆتەوە"

ئەوەی راستی بێ رەوتی ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا کە لەسێ ساڵ پتر نییە ، نە بەرهەمی تێکنۆلۆژییە و نە وەخەبەرهاتنی تاقمێکی خەفۆك. "وەرچەرخان" ی گەورەی سیاسیی لێرەدا بە چ مانایەکە؟ بەو مانایە کە سووڕانی سیاسی بە لایەکی دیکەدا و جیا لە حاڵەتی ئاسایی بێ. کوا کتوپر دامو دەزگای کۆشکی سپی وەخەبەر هاتووە و بە حیکمەتی" تێکنۆلۆژیا" رەوتی سیاسیی ژیانیان بە لایەکی دیکەدا سووراندووە؟

شلەژانی کتوپری جیهان ئاکامی شلەژانی هێمنیی و ئاسایشی جیهان و لەسەرو هەموانەوە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و چەند ولاتی پێشکەوتوو و سامانداری جیهان بوو. پاش کارەساتی 11ی سێپتامبری 2001 و دەرکەوتنی رووماى تێرۆریستیی جینایەتکارانەی ئیسلامی پاشوەڕۆ، بنەمای" پیرۆزی حاکمییەتی" دەوڵەتانی جیهان کە لە سەر دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و بێ مافکردنی نەتەوە بێبەشکراوەکان لە مافی سروشتیان داندرابوو، بە ئاوردانەوەی ولاتانی دەسەلاتدار و چارەنووس ساز بۆ لای مافی گەلان و دێمۆکراسی گشتێ، دیواری پۆلایینی ئەو پرەنسیپە ناعادلانەیە تێکڕما. ئەو رووداوە سامناکە و خەباتی ازادیخوازانەی گەلانی جیهان، ئەو هەلەی رەخساند کە داڕێژرانی سیستمی سیاسیی جیهانیی، بەسەر رووداوەکان و قانوونەکانیدا بچێتەوە و لە روانگەیەکی دیکەوە سەیری ئەم جیهانەو دانیشتوانی بکەن.

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پاراستنی هێمنیی و ریسالەتی داکۆکیی لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە جیهاندا، هەوڵ دەدا دوکترینێکی تازە لە نیزامی جیهانیدا جێگیر بکا. ئەو ولاتە دەیەوێ و لە بەرژەوەندیی خۆیدایە کە ئەو پرەنسیپە داسەپاوە نارەوایەی کە بەناوی حاکمییەتی دەوڵەتیی ناسراوە لێك هەڵوەشێنێ. کەوابوو ئەوە تێکنۆلۆژی نییە ئەو وەرچەرخانەی خوڵقاندووە، بەڵکو ئەوە تێرۆرە، پاشوەرۆیی و کەللەئیشکیی کۆر و کۆمەڵە کۆنەپەرەستەکانە ئەو هەلوومەرجەیان پێکهێناوە تا سیاسەتڤانانی مەزندەوڵەتان کە چارەنووسی گەلان دیاری دەکەن بە پرەنسیپە سیاسییەکاندا بچنەوە. ئەو پێداچوونەوەیەش بەسوودە و لەبەرژەوەندیی گەلانی ستەملێکراو و لەسەروو هەموانەوە گەلی کوردە. بەختەوەرانە سیاسەتڤانانی ولاتە یەکگرتووەکان بەحەق بەو ئاکامە گەیشتوون کە پێشێل کردنی مافی گەلان و هەبوونی دیکتاتۆریی دەولەتیی هۆی سەر هەڵدانی ئەو گروپە تێروریستانەیە کە مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێری نەمان رکێش دەکەن.

نووسەرانی بەیانییەکە دەنووسن:

" بێگومان لە ڕەوتی ئەم سەر لە نوێ شێوەگرتنەدا شێوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر لە هەرشتێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری. ئیتر شێوازە کلاسیکەکانی کۆمەڵگای چینایەتی کە پشت بە پێکدادان و توند و تیژیی نێوان توێژەکانی کۆمەڵگا دەبەستێ سەرەرای کەوناربوونێکی چەند هەزار ساڵە دەکەوێتە سەرەو ژێری نەمان" .
تۆ بڵێی وابێ؟ وادیارە لەم سێ ساڵەدا بە بەرەکەتی" تێکنۆلۆژیا" چین نەماوە!! هەموو بوونەتە توێژ. ئیتر خەباتی چینایەتی لە ئارادا نییە و وەکو زەمانی ئیمام مەهدیی خەیاڵیی جیهان وای لێدێ، تێیدا گورگ و مەر وێکرا ئاوی پاستۆریزە بخۆنەوە. تیاح چەند خۆشە ئەو خەیاڵ پڵاوە چەورە!! ئاوا سووك و هاسان ! بە نووکی قەڵەم لە ماوەی سێ ساڵی سەدەی بیست و یەکدا شێوەی کلاسیکیی چەند هەزارساڵەی کۆمەڵگای چینایەتی کە بەملیۆن لە ڕێیدا تەفر و تونا بوون لە ناو بچێ. ئەو لێکدانەوەیە پشتی بە کام تێۆرییەوەیە کە نووسەران نەیان خستووەتە ڕوو؟ لەوانەیە لایەنگرانی تێئۆریی شارومەندیی بۆ نزیك کردنەوەی دوو گەلی ترك و" ترکی کێوی" ئەو بنەما فکرییەیان داڕشتبێ. حافزی شیرازیش هەر پێی وایە کە دەڵێ :
اگر ان ترك" انکاره" بدست ارد دل مارا   به خال هندوش بخشم سمرقند و بخارارا
نووسەرانی ئەم بڵاووکە بەرەو پێشتر ئەسپی تێۆرییەکەیان داژوون و ئێژن: " تەنانەت سیستمی سۆسیالیزمی بونیادنراو  کە لەژێر ناوی دژایەتی لە گەڵ کۆمەڵگای چینایەتی دەرکەوتە مەیدان، لەراستیدا شتێك زیاتر لە دەسکەتەکانی کۆمەڵگای چینایەتی پێکهێنا و بە ناوی سۆسیالیزمەوە تەنیا تەقلیدی سەرمایەداری کرد".
کەسێك کە ئەم وتەیە دەخوێنێتەوە سەری لە ڕادەی زانیاریی ئەو نووسەرە سوور دەمێنێ. سۆسیالیزم کاری سەرمایەداریی کردووە!! هیوادارم نوسەری ئەو بابەتە لە ئوروپا نەبووبێ ، یان هەرگیز لە مەڕ نیزامی حکوومەتیی ولاتانی ئوروپایی شتێکی نەخوێندبێتەوە. ئەگەر نووسەری ئەو دێرانە کەمترین زانیاریی لەسەر بینای حکومەتەکانی زۆربەی ولاتانی ئوروپایی هەبایە، دەیزانی کە سۆسیالیزم لە قانوونەکانیاندا ئێستاش دەوری زۆر کاریگەری هەیە. قانوون لە ئالمان ، هولەند ، ئیتالیا ، فەرەنسە و وڵاتانی ئیسکاندیناوی، هتد ... لەسەر سۆسیالیزمە" مەلعونەکە" داندراوە. قانوونی بژیوی لانیکەم بۆ هاوولاتیی، بیمە، خانەنشینی، ماڵیات، کار و مافی 36 کاتژمێر کار لە حەوتودا و هتد... پەسندکراوی دەوڵەتە سۆسیال دێمۆکراتەکانن  و سەرمایەدارەکان و نوێنەرەکانیان ناتوانن یا بە زەحمەت بۆیان دەکرێ بییان گۆڕن. سەیرە کە نووسەر بۆ سەلماندنی وتەکانی دەیەوێ حاشا لە ڕاستییەکان بکات. تۆ بلێی سۆسیالیزمێك بە ڕواڵەتی مرۆڤانەوە باشتر نەبێ لە نیزام و سیستمێك کە کۆمەڵگا دەکاتە کۆیلەی چاند ساماندارێك کە هیچ قانونێك لەمپەری زیدەخوازییانی نییە؟
نووسەرانی ئەو بەیانییەیە لە درێژەی باسەکەیاندا دەڵێن: " ئەمرۆکە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی گونجاو، دێموکراسی بووەتە بایەخێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی.

ئەو وتەیە زۆر سەرنج راکێشە کە دەڵێ دیمۆکراسی بووەتە بایەخێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی. سەیرە کە نووسەرانی ئەو نووسراوەیە دێموکراسی بە بایەخ ناو دەبەن. بروکەیەك سەرنجدان بە چەمکی دێموکراسی دەریدەخا کە دێموکراسی کەرەسەیە، شێوەکارە نە ئامانج. دیمۆکراسی ناتوانێ گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا چارەسەر کات. کەڵك وەرگرتن لە دێموکراسی دەتوانێ رێگای چارەسەر کردنی گرفتەکان بە کۆمەڵگا بدات و کۆمەلگاش رێگەچارەی بۆ بدۆزێتەوە. باشتر وابوو نووسەرانی ئەم راگەیەندراوە بە راشکاوی مەبەستی خۆیان لەو بایەخە کە تێئوری شارومەندیی پێوە دەلکێنن، دەربریبایە.

نووسەران لەبەر کەترەخەمیی یان نەبوونی کات نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی رێك و پێك خاڵە سەرەکییەکانی بۆچوونە سیاسییەکانیان بە روونی دەربڕن و فورمولەیان بکەن ، وەکو ئەو دێرە کە نووسەر دەڵێ: " <u>دیمۆکراسی بە گروپ یا توێژێکی تایبەتەوە سنوردار نابێت و هێزی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا</u>". کە سەر و بنی نەدیارە و رەنگە لە کردەوەشدا هەروا بە نەتەواوی بمێنێتەوە.

نووسەرانی ئەو ئاگادارییە دە نووسن: " راستی ئەوەیە کە سەردەمی ئەو سیستەمانەی پشت بە توند و تیژی دەبەستن، کۆتایی هاتووە و لە ئێستا دا سیستەمێك کە باوەری بە مافی مرۆڤ و پێوانەکانی دیمۆکراسی هەبێت و کێشەکانی لە پلەی یەکەمدا بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و لە پلەی دووهەمدا لە چوارچێوەی مافی پاراستنی رەوادا چارەسەر بکەن وەکو گونجاوترین بژاری سیاسیی لە لا یەن هەموو کەسەوە پەسەند دەکرێ".

هەلسورێنەرانی ئەو تەشکیلاتە دەبێ بە گوێرەی ئەو بەندە لە بەیاننامەکەیان، لە پێکهێنانی هێزی چەکدار و دەست بردن بۆ کاری توند و تیژی نیزامیی خۆ بپارێزن. ئەگەر ئەو بۆچوونە لە جیهانی واقیعدا پەیرەو بکرێ ، ئەو حیزبە پێویستیی بە خۆ حەشاردان و وەشاخی کەوتن نییە. هەموو حیزبێکی لەو چەشنە دەتوانێ بە گۆرینی چەند دێر و نووسینی چەند وشەی عەرەبیی وەکو رەهبەری موعەززەم ئایەتوولا ... خۆ بخزێنێتە ناو دامو دەزگای ئاخوندەوە و پێشوازیشیان لێدەکرێ. لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆدا کە حیزبێك چەکدار بێ و لە هەمان کاتیشدا پروپاگەندە بۆ وەلانانی توند و تیژیی بکا، دژایەتیی هەیە. کاتێ حکومەتەکان دەست لە توند و تیژیی هەڵگرن و دیمۆکراسی بە وتەی نووسەرانی حیزبی نوێ، ببێتە" بایەخ " ئیتر چ جێگای ئەوە نییە حیزب و گرووپی سیاسیی، دەست بۆ چەك بەرن... لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر حیزبێکی سیاسیی خوازیاری گەیشتن بە مافی شاروەندییە، بۆ دەبێ وزە و هزری هەزاران لاو بۆ کاری نەپێویستی نیزامیی و راهێنان بە دیسیپلینی سەربازی بە فیرۆ بدا و ئەوان لە خوێندن و پێگەیشتن دوور بخاتەوە. لە وانەیە نووسەرانی ئەو بەندە لەبیریان نەبووبێ کە خوازیاری ژیانی ژیاریی شارومەندیی لەگەل ئەو 406 ژاندارمەی ترکن کە سازماندراو دەستدرێژی بۆ ژنە کوردێکی دیل دەکەن. ئەو تێئۆریداتاشانە پێیان وایە بەدەست هەڵگرتن لە مافی نەتەوایەتی کە بە ناسیۆنالیزمی ناو دەبەن دەتوانن ئەو سەبتییە و ژاندارمانە کە بەشێوەی سازمانیی و دەولەتی ئەو ئەتکە بە شەهروەندەکەیان دەکەن لەو کردەوە جینایەتکارانەیە دووربخەنەوە و دەتوانن بەدەست هەڵگرتن لە مافی نەتەوەیی کەماڵیزمی ترکان تونا بکەن. لەبری ئەوە داوای مافی یەکسانیی نەتەوەیی بکەن هەولی تواندنەوەی نەتەی کورد دەدەن و تێئوریزەشی دەکەن.

نووسەرانی بەیانییەکە نەیانتوانیوە بە کوردییەکی پاراو مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان بگەیەنن. بۆ وێنە :" ... دیمۆکراسی ... وەکو گونجاوترین بژاری سیاسیی لە جیهاندا لە لایەن هەموو کەسەوە پەسند دەکرێ. بژاری سیاسیی چییە و چۆن لە لایەن هەموو کەسەوە پەسند دەکرێ مانای چییە نە دیارە.

بەیاننامەکە لە باسی سیستمی سەرمایەداریدا دەڵێ: " سەرمایەداری قۆناخێکی نوێی لە ژیانی سیاسیدا دەست پێکردووە. ئەو سیستەمە بە بەکارهێنانی شێوازی دێمۆکراتیك لە نزیکبوونێکی راست بۆ کێشەکان لە راستیدا زەمینەی سەرتربوونی خۆی لە چاو سیستەمی سۆسیالیزمی بۆنیادنراو و سیستەمە کلاسیکەکانیتر پێکهێناوە. دەبێ بگوترێ کە سەرمایەداری لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی سیاسیی و ئابووریی خۆی لە جیهان و ناوچەکەدا هەوڵی تێکشکاندن و لە نێوبردنی پاشماوەی سیستمە کلاسیکەکان و ئەو سیستەمانەی لە نێوان دوو جەمسەردا مابوونەوە واتا پاشماوەی سەردەمی دوو جەمسەریی جیهانن دەدات و بەم جۆرەش".

وا دیارە نوسەر یا نووسەرانی ئەم دێرانە سیستمی ولاتانی ناوچەکە ناناسن. سیستمی کۆمۆنیستی، سۆسیالیستی، وێنە سۆسیالیستی، باسێکی کۆتایی پێهاتووی کۆنە و زۆر لەپێش تێکرمانی یەکێتی سۆڤێتیی کۆتایی پێهاتبوو. ئەگەر مەبەست لە کۆمۆنی هەژاران بێ، راستە لە ئێران جیا لە چەند هەزار ئاخوندی تێروتەسەل و میلیاردێر، زۆربەی خەڵك لە ژێر هێڵی هەژاریدان. سەرمایەداری چۆن دەتوانێ گیروگرفتی ئەو ژیانە پر لەمەرگ و نەدارییە چارەبکات مەعلووم نییە و نوسەرانیش هیچ رێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە پر مەرگەساتە پێشنیار ناکەن. ئەوان ناڵێن کە ئەو وەزعە ئاکامی حاکمییەتی مشەخۆرانی بازار و ئاخوندە شەریکەکانیانن کە بە ناوی شێوە حکومەتی ئیلاهی- ئیسلامیی ئەو وڵاتەیان بەو رۆژرەشە گەیاندووە. ئەوە کە گوتراوە سیستمی حکومەتیی ئێران سیستمێکی سۆسیالیستی و دژی سەرمایەدارییەو دەبێ برووخێ تا نیزامێکی سەرمایەداری لەجێی دابنێین ناراستە. هیچ پێوەندییەکی ئابووریی ، سیاسیی دژ بە نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا وجوودی نییە تا بکرێ پلانی بۆ داربرژێ و برووخێندرێ.

ئەوەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگە، دورکەوتنەوەی ئەم رژیمە تێرۆریستی- مافیاییە لە کردەوەی جینایەتکارانە کە هێمنیی جیهانیی تووشی مەترسی کردووە. نووسەرانی بەیانییەکە سیستمی ئابووریی ئەو وڵاتانە بە "غەڵەت" دەستنیشان دەکەن بێ ئەوە بەدیلێکیان بۆی هەبێ و بلێێن لە چ روویەکەوە و بە تێکدانی ئەو سیستمە کام سیستەم گونجاوە و چۆن دەکرێ گەلانی ئێران لەو وەزعە رزگار بکەن.

لە دەستەواژەیەکدا نووسەر یا نووسەرانی بەیانییەکە داوای رووخاندنی ئەو رژیمانە دەکەن کە لەسەرەوە باسیان کرا و بێ ئەوە راستەو خۆ باس لە رژیمی ئاخوندیی ئێران بکەن یان شیوەی وەلانان دەستنیشان بکەن. گرفتەکە لێرەدایە کە بە پێی تێۆرییە نەگونجاو نەچەسپاوەکەی مافی یەکسانیی شارمەندیی و مافی مەدەنی دروشمی روخاندن کارێکی نارەوا و نە لواوە. نووسەرانیش نەیانتوانیوە دەست لە چەك و شەری رەوای وەلانانی رێژیمی دیکتاتۆر هەڵبگرن کە" ویستی گەلە"، کە لە هەلوو مەرجێکدا حازر بە خۆرێکخستن لەگەل ویستی سیاسیی خەڵك نەبێ. ئەو جۆرە ناتەبایی و یەکدەست نەبوونە لە

بەیانییەکەدا زۆرە و جاری وایە  نووسەران نەیانزانیوە چییان نووسیوە. بۆ وێنە : " رێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆپییەکی سێهەم لە نەریتی دەوڵەتی ئایینی لە مێژووی ئێران دایە کە بە پەیرەویکردن لە سیاسەتی ئایینیی و تێروانینی شۆڤینیی شاراوە بە دەسەڵاتێکی تەکروانینی پشت ئەستوور بە برۆکراسیی ئیلاهی بووەتە هۆکاری دروستبوونی قەیران لە کۆمەڵگای ئێراندا. ئاستەنگی دۆگماتیکی سیستەمی بەرواڵەت پیرۆز سەرەرای دەوڵەمەندیی هزری- کولتووری ئێران، توانای بەرهەمهێنانی فکرێکی نوێی نییە. لە کاتێکدا پێشکەوتنی مەزن و هەرەس ئاسای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی رووی لە بەرز بوونە. ئەم دوگمایانە ئێرانیان لە ژێر چەپۆڵی پاشکەوتویی بە دیلیی هێشتۆتەوە و لە قولایی بێچارەییدا خنکاندوویانە".
نووسەرانی ئەو بەیانییە لەسەر حاکمییەتی ئێران شتی وەها سەیر و سەمەرە دەڵێن کە لە جیهانی سیاسەتدا بێ وێنەیە. دەنووسن ئێران کۆپی سێهەم لە نەریتی دەوڵەتی ئایینییە لە مێژووی ئێراندا. بەداخەوە ئەوان روونیان نەکردووەتەوە کە مەبەستیان لە کۆپی سێهەم چییە. هەر وەها مەبەستیان لەو دێرە کە " تێروانینی شۆڤێنی شاراوە بە دەسەڵاتێکی تەکروانینی پشت بەستو بە بوروکراسی ئیلاهی" چییە ؟
پێناسەکردنی حکومەتی ئێران بە چەند زاراوەی بێ مانا خاڵێکی زۆر گرنگی ئەو نۆسراوەیەیە کە نە نووسەر توانیویە مەبەستی خۆی تێیدا بگەیەنێ، نە خوێنەریش دەتوانێ بە ئیستیخارە لێیتێبگات.
بریا نووسەرانی ئێعلامییە بۆ نوسینی بیروبۆچوونەکانیان لە سەر ئێران لە گەڵ شارەزایانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران هاوفکرییان کردبایە یان لانی کەم لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبە سیاسییەکانی کورد کەڵکیان وەرگرتبایە  و بە تێروانینێکی لەبار مەسەلەکانیان تاووتوێ کردبایە. لەم بەشەدا هەر تیرە و لە تاریکییدا تەقێندراوە. نە سەرەتا دیارە و نە بنەتا، هەر وشەیە و ریزکراوە، بێ ئەوە مانای سیاسیی و مەنتیقی و پێوەندیی بە جیهانی واقیعەوە هەبێ.
نووسەرانی ئەو بەیانییە لە رووداوەکانی ئێران و خەباتی گەلی کورد بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە 57 سالی رابردوو و بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵەی شۆرشگێر لە پاش تێکرووخانی رژیمی شا و یەکێتی شۆرشگێران دوای جیا بوونەوەیان لە سەزمانێکی سەرتاسەریی ئێرانیی و  سازمانی خەبات لە کوردستان یا ئاگادار نین یا بە ئەنقەست خۆیانی لێدەبوێرن و بە نووکە قەڵەمێك کوشتنی 60.000 کوردی بێدفاع هەر وەها 10.000نەفەر پێشمەرگە کە بۆ مافی نەتەوا یەتیی گیانیان فیدا کردووە، تونا دەکەن.
حیزبێکی سیاسیی کە دەیەوێ بێتە جیهانی وجودەوە، لانی کەم دەبێ هێندێك لە پرەنسیپە گرنگەکانی سیاسیی وەبەرچاو بگرێ. راستییەکان بڵێ و رێز بۆ خەبات و دەسکەوتی تێکۆشەرانی ئەو رێگەیە دانێ کە بۆخۆی دەیەوێ پێیدا بڕوا. ئەو حیزبە نوێیە نایەوێ لانی کەم ئاورێك لە هەموو ئەوکارەساتە بداتەوە کە ئەو گەلە بەسەری هاتووە. ناڵێ کێ ئەو کوردستانەی کاول کردووە و بووەتە هۆی ئەو هەموو تێکدان و کوشت و بر و کاولکردن و تاڵان و برۆیە. نایەوێ بە ئاشکرا باسی جینایەتکاریی و تێروریزمی کۆماری ئیسلامیی بکا. اهەق وایە کە بەرێوەرانی ئەو حیزبە بە گغەلی کورد بڵێن، ئەو حیزبە تازەیەی کە پاش 25 ساڵ خەباتی خوێناوی گەلی کورد، بێ بەرنامەیەکی روونی سیاسیی ، بێ هەڵوێستێکی روون

بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی و بە حاشاکردن لە حیزبە خەباتگێرەکانی کورد  یان بێدەنگ بوون لە ئاستیاندا خۆی دەکاتە دەمراستی کورد، چ پەیامێکی هەیە و دەیەوێ چ بکات؟ رێبەرایەتی ئەو حیزبە نایەوێ بزانێ لەسەر کام بنەما و بە پێی کام ئەزموون خۆی تا رادەی رێبەریی خەباتێك هەڵدەکێشی کە نایناسێ ، یان دانی پێدا نانێ. نایەوێ بزانێ نوێنەرایەتییە سیاسییەکەی بۆ تێپەرکردنی ئەم قۆناخە بە چ شێوەیەك لێی دەرباز بووە. ناڵێ چۆن و بۆچی بە نووکە قەڵەمێك ئەزموون و دەسکەوتەکانی ئەو بەربەرەکانییە تونا دەکاو خۆ دەکاتە رێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بێ ئەوە بیناسێ و لەخەباتەکەیدا بەشداریی کردبێ، خۆی دەکاتە پێشرەوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کە حاشا لە ناسیۆنالیزم و پێناسەی نەتەوەیی دەکا و  رێبەرایەتییە سیاسیەکەی  بە راپەرینی کلاسیکی ناو دەبا و دەیخاتە فەراموشخانەی مێژووەوە.
نووسەرانی ئەم وتارە کە دەگەنە سەر شیکردنەوەی بارودۆخی ئێران و کوردستان ، زۆر بە ناشارەزایی لە سیاسەت دەدوێن و هەر بەو نووکە قەڵەمە خۆیان تا تڕووپکی رێبەرایەتی گەلی کورد هەڵدەکێشن بێ ئەوە کەمترین شارەزاییان لە فەرهەنگی سیاسیی ئەو گەلە هەبێ.  ئەزموونی کوردستانی باشووری لەو رووەوە گەلێ تاڵە  و دیتمان چ کارەساتگەلێکی بەدواوە بوو. پێویست بوو رێبەرایەتی ئەو حیزبە شەری برا کووژییان لەبیر نەکردبایە و بە من منم و من رێبەرم، خەڵکی کورد تووشی گێرەو کێشەی نەخوازراو نەکەن و هێندێ پرەنسیپی سەرەتایی بو دانانی پێوەندیی سیاسیی وەبەرچاو بگرن.
یەکێك لە سەیرترین بەشەکانی ئەو ئێعلامییە، ئەو بەشەیە کە دەڵێ: " تێکۆشانی نەتەوەیی – دێموکراتیکی گەلی کورد لە لایەن سەرۆك ئاپۆوە دەستی پێکرد و بە ئەنجامی بێ وێنە قۆناخی وشیاریی نەتەوەیی گەیاندە سەرکەوتن و ئەمرۆ هوشیاریی دێموکراتیك بووەتە دروشمی سەرەکی تێکۆشان و قۆناخی نوێی شۆرش".
ئەوەی راستی بێ ئەم پلەیە لە خەباتی کورد لە باکوری کوردستان جیا لە تێشکان و لاواز بوون و زاڵبووبی ستەمی هەمەلایەنەی ترك و  ولاتانی رۆژاوا دژ بە کوردی باکور تشتێکی دیکە نییە. گیرانی رێبەری بزووتنەوەی کوردی باکووری کوردستان، نە هەر سەرکەوتن نەبوو بەلکو بوو بە مایەی رووخان و تێکشکانی کەسایەتی کورد. ناردنەوەی ئەو هەموو کادرە سیاسییە بۆ لای گورگەبۆرە جینایەتکارەکان و ناچار کردنی بەرێز ئوجەلان بۆ پاشگەزبوونەوە لە هەموو ویست و داخوازەکانی کورد کە قوربانیی بۆدابوو نابێ بە سەرکەوتن دابندرێن. ئەو پیلانە ئەزموونێکی تاڵە لە ژیانی سیاسیی گەلی ئێمەدا و کورد نابێ ئەو خەیانەتەی سوریا ، یونان و روسیابە کوردیان کرد لەبیر بکا.
گیرانی بەرێز ئوجەلان بوو بە هۆی  بێ دەسەڵاتیی حیزبەکەی و بێورەیی سیاسیی و قەیرانێکی قوولی تەشکیلاتی سیاسیی کە تا ئێستا لێی رزگارنە بووە .  حیزبێکی کە لە قۆناخێکدا ببوە رێبەری سیاسیی کوردلە باکوور  ئەمرۆ لە قەیرانێکی قووڵتردایە. ناوگۆرینی پەیتاپەیتا و گۆرینی ستراتێژیی و ئامانجەسیاسییەکانی ئەو حیزبە جیا لە قەیرانی قووڵی سیاسیی تەشکیلاتی و خۆ گرێدان بە  گیران و چارەنووسی بەرێز ئوجەلانەوە بۆ ئەو حیزبە شتێکی دیکە نییە . ئەگەر دروستکردنی حیزبی جۆراوجۆر بۆ بەشەکانی کوردستان بە مەبەستی خۆدەربازکردن لە کێشە سەرەکییەکەی کورد لە کوردستانی داگیرکراو لە تورکیا

بێ، ئەوە نە مەسەلەکەی ئەوان چارەسەر دەکا و نە دەبێتە هۆی ئازادکردن و سەنگ و سووکی لەگەڵ گیرانی بەرێز ئوجەلان. بەپێچەوانە راوەستان و بەربەرەکانی لەسەر بنەمای فکریی نەتەوەیی و خەبات بۆ رزگاریی کورد لە کۆلۆنیالیزمی ترکان یارمەتی بە ئازاد بوونی ئەو لە زیندانی ترکان دەکا. ئەگەر مەبەستی ئەو حیزبە سازکردنی کوسپ و تەگەرەخستنە سەر رێگەی گەشەکردنی خەباتی نەتەوەیی دژی داگیرکەران بێ، بێگومان بە هیچ جێگەیەك ناگەن و بە دروستکردنی گروپ و دەستتێوەردانی کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان، گیروگرفتی زیاتر بۆخۆیان پێك دێنن و لە ژمارەی دوستان و لایەنگرانی خۆیان لە دەرەوەو نێوخۆی کوردستان کەم دەکەنەوە. ئەگەر پێیان وایە ئەو کارە لە قەیران رزگاریان دەکا رەنگە زۆر راست نەبێ.

قۆناخی نەتەوەیی- دێمۆکراتیی گەلی کورد مانای چییە؟

نووسەرانی ئەم گەڵاڵەیە لە فورمولەکردنی ویست و داخوازەکانیاندا سەرکەوتو نین و نازانن چییان گەرەکە. لەلایەکەوە بەرواڵەت نەتەوەپەرەستن و بەکەمتر لە هەمو کوردستان رازی نین. برێك جار خۆیان دەکەنە وەکیلی هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش. بروانە ئەم چەند دێرەی خوارەوە کە نووسیویانە: " تێکۆشانی نەتەوەیی – دێموکراتیکی گەلی کورد کە لە لایەن سەرۆك ئاپۆوە دەستی پێکرد بە ئەنجامگەیاندنی فیداکاری بێ وێنە قۆناغی وشیاریی نەتەوەیی گەیاندە سەرکەوتن و ئەمرۆ وشیاریی دێموکراتیك بۆتە دروشمی سەرەکی تێکۆشان و قۆناغی نوێی شۆرشی گەلی کورد".

بەداخەوە نۆسەری گەڵالەکە نالێ ئەو قۆناغە لە کەیەوە دەستی پێکردووە و تا کەی دەخایەنێ و پاش ئەو قۆناخە کام قۆناخی دیکە چاوەرێ دەکرێ. بەبروای من باشتر بوو بەرێوەبەرانی ئەو پارتیە بێ خەرجکردن لە حیسابی سەرۆك ئاپۆ و ئاوالەکردنەوەی دەستی "پارتی کرێکاران "ی پێشوو" کادك" دواتر و "گەلی" ئێستا لە کارو باری کوردستان، بۆخۆیان وەکو حیزبێکی سەربەخۆ بە بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە بێ گرێدراویی رێکخراوەیی هاتبانایەتە مەیدانی خەباتەوە. .بەم شێوەیە، هەم لە نەزەر کۆمەڵانی گەلی کوردەوە پێشوازییان لێدەکرا و هەم کارو باری سیاسییان بێ گرێ و گۆڵ بەرەوپێش دەبرد و حەساسییەتێکی کەمتریشیان لە لای حیزب و سازمانە سیاسییەکان دروست دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە نووسەر باس لە قۆناخی نوێی شۆرش دەکا و دەڵێ کورد دەبێ بە مافی شاروەندیی رازی بێ و دەست لە هوییەتی نەتەوەیی هەڵبگرێ و نالێ لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا چۆن دەکرێ ئالای کوردستان و ناوی وێنەی ژك لە خۆی بنێ و داوای کوردستانی مەزن بکا، ئەوانە لە کوێ و چۆن یەکتر دەگرنەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەرنامەو دروشمی حیزبی دێموکرات بەراوەژوو دەکاتەوە و بە ناوی شۆرشی نوێی دێمۆکراتی دەیهێنێتە گۆرێ و دەڵێ: " ئێرانێکی دێمۆکراتیك و کوردستانێکی ئازاد"ی دەوێ. روون نییە ئەو دروشمە جیاوازیی لەگەل دێموکراسی بۆ" ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" چییە. ئەگەر وەدیهێنانی ئەو درووشمە ئامانج بێ، نزیك بە 57 ساڵە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا و بە هەزاران پێشمەرگەی ئەو حیزبە سەریان لە پێناویدا داناوە، فەرق و جیاوازیان چییە؟ تۆ بڵێی نووسەرانی ئە حیزبە نوێیە ئەوەندە

ناشارەزابن کە مافی تاکەکەسیی و مافی سیاسیی نەتەوەی کورد لێك جیا نەکەنەوەو تێکەڵیان کەن؟
ئێستا کە ناوی حیزبی دێمۆکرات لە پێوەندیی لەگەڵ دامەزراندنی حیزبێکی کوردستانیی دیکە هاتووەتە گۆڕێ، بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە راگرتنی تێکۆشانی سیاسیی ئەکتیوی حیزبی دێموکرات بۆ" پاراستنی بەرژەوەندیی براکوردەکان لە باشور " ی کوردستان دەبێ وەکو هۆیەکی گرنگ بۆ پێکهێنانی ئەو بۆشاییە سەیر بکرێ کە گرووپێکی نەناسراوو بێ پێشینەی سیاسیی لە کوردستانی ئێران، ببێتە ئاڵترناتیوی حیزبێکی نەتەویی خاوەن پێشینە. تو بڵێی بەرێوەبەرایەتی حیزبی دێموکرات ئەو رووداوە چۆن بنرخێنێ؟ بڵێی ئەوە بە پیلانی کۆماری ئیسلامی بزانێ کە لە ئاڵوگۆڕەکانی چاوەروان نەکراودا بتوانی هەلومەرجەکە بە سوودی "تەواوییەتی‌ئێران " بپارێزی؟ یان پێی وابێ ئەوە پەیدا بوونی هێزێکی نوێی سیاسییە و دەتوانێ وەکو پشتیوان لە خەبات بەدژی دوژمنانی ئازادیی کورد و لە دەستدرێژیی ترك بۆ سەر کوردستان و ئاژاوەنانەوەی باندەکانی گورگەبۆرەکان لە کوردستانی ئێران یارمەتیدەر و هاوکاری بێ؟
لام وایە حیزبی دێموکارت بە هەلسەنگاندنی وەزعەکە و خێرایی ئاڵوگۆڕەکان بە سەرتاپای کاری سیاسیی- تەشکیلاتی خۆیدا دێتەوە. رێگە دەدا لاوەکان بەشی زۆری ئەرکەکان بەرێوەبەرن. پێموایە رێبەرایەتی ئەو حیزبە خۆی لەو تەنگ و چەلەمەیە کە بە هۆی بوونیان لە باشوور تووشی هاتوون رزگار دەکا. کەسانێك کە بە هۆی پیرییەوە ناتوانن لە نێوخۆی وڵاتدا کاروباری تەشکیلاتی- سیاسیی بەرێوە بەرن مافی خۆیانە بەحورمەت و رێزی تەواو لەئەزموونیان کەڵك وەربگیرێ، هەر لەو کاتەشدا دەبێ ئەو تێکۆشەرە سەربەرزانە رێگە بۆ خەباتی لاوەکان بەرینتر بکەنەوە و رێگەبدەن ئەرك و بەرپرسایەتییەکان لەنێوخۆ و لەئۆرگانە کاندا وەئەستۆ بگرن. لاموایە هەلوومەرجەکە لە سالەکانی 46-47 بۆ گەرانەوە بۆ نێوخۆی ولات ئامادەترە. سروشتییە حیزبیش وەکو ە مرۆڤی زیندوو پێویستی بە هەڵس و کەوت و خۆ ماندوو کردن هەیە. ئەو مرۆڤەی لەجێیەکدا قەتیس بکرێ نەخۆشی مێشك و لەش لەکاری دەخا. گرتنی سێمینار و کۆبوونەوەکردن لەگەڵ لایەنگران و ئەندامانی کۆن و نوێی ئەو حیزبە و پێداچوونەوە بەسەر کاری تەشکیلاتی- سیاسیی بەدوور لە خۆ بەزل زانیی و بەرچاوتەنگیی بۆ دەرچوون لەو حالەتە بۆ حیزبی دێموکرات پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.
لە درێژەی باس لەسەر گەڵالەکەی پارتی ژیان و سەرجەمی ئەو گەڵالەیە دەرناکەوێ کە نوسەران چییان بۆ کورد دەوێ. ئەگەر بەوردیی لێی بروانی هەموو شتێکیان دەوێ و هیچ شتێکیان ناوێ. نوسراوەکە ئەوەندە تێکەڵ پێکەل و ئاڵۆزە کە کەس سەری لێی دەرناچێ.
لەو بەشەدا کە بەناوی بەرنامە سیاسییەکان ناودێر کراوە پێشنیاری دیکە دێتە ئاراوە بەم جۆرە:
"بەوەلانانی سیستەمی تێئۆکراتیکی دەسەڵاتدار و تێکۆشان بۆ سرینەوەی پاشماوەکانی لە بواری سیاسی، ئابوری دا و بونیادنانی سیستەمێکی فێدرال دێموکراتیك لە ئێران".
ئەوخاڵە دەریدەخا کە نووسەرانی بەیانییەکە لێرەدا خوازیاری دامەزراندنی سیستمێکی فێدرالین لە ئێراندا. بەلام بە هۆی ناشارەزایی لە و سیستمە نەدواون کە دەبێ چ نەوعە فێدرالێەك بێ. سنور و کەوشەنی کامەیە؟ ئەو فێدرالە کە بە دەولەت ناوی دەبەن ماف و

دەسەلاتی چییە. لەو دەولەتە فێدرالەدا مەسەلەی ئابووریی ، سیاسیی ئەرتەش، دراو ، پێوەندیی خاریجی چۆن دەبێ، نەدیارە. ئەو ناوچانەی کورد و ئازەری وێکراتێیدا دەژین و هەرکام خۆی بە خاوەنی ناوچەکەدەزانێ و بە چ شێوەیەك چارەسەر دەکرێ روون نییە.
لەو بەشەدا هێندێك خال بە چەند جۆر خزاونەتە نێو گەڵالەکە کە پێویست بە بوونیان نەبووە. مەسەلەی دامەزراندنی پارلمان لە سیستمی فێدرالدا نە جێی باسە و نە پێویستی بە جەخت کردن. ئەوەی گرنگە و نوسەران بەلای دا نەچوون مەسەلەی دابەش کردن و تێکشکاندنی دەسەلاتی ناوەندییە، کە بە درێژایی مێژوو کۆکردنەوەی دەسەلات لە ناوەند بووەتە هۆی چارەرەشیی و بێ بەش کردنی گەلانی نەفارس لە بەشدارییی کردن لە بەرێوەبەریی وڵاتدا.
نووسەرانی گەڵاڵەکە زۆر شەرمێونانە بە سەر مەسەلەی ئابووریی ولاتدا تێدەپەرن و باسێك لە وەپاشکاوتوویی کوردستان کە بە ئەنقەست لەلایەن دەسەلاتدارانی فارسەوە ئەو سیاسەتە بەرێوە چووە ناکەن . بۆ ئاگاداریی زیاتر لە و سیاسەتە دژی گەلییە دەقی وتەکانی ئاغای هاشمی سەبباغیان نوێنەری دەولەتی بازرگان و ئەندامی کۆری نیازپاك لەمەر ئەو بۆچوونە شوێنیستییە دەخەمە بەر چاو کە دەڵێ بە ئەنقەست کوردستان لە باری ئابوورییەوە وەپاش خراوە و مەسەلەکە روالەتی سیاسیی هەیە.
لە پێوەندیی لەگەل مەسەلەی ئابووری و تاڵان و برۆی دەسەڵاتدارانی حاکم دەبێ ئەو کارەساتە وەبەرچاو بگیرێ کە تەنیا لەو 24 ساڵەی دوایی دا دەیان هەزار میلیارد دۆلار لە لایەن دەسەلاتداران و خاوەن بنکە بازرگانییەکان لە ئێران وەدرنراوە. بە گشتی ئەم سامانە لە کورد و نەتەوەکانی دیکە دزراوە. ئەوە هەر برێکی کەمە لەو سامانەی گەورە دزەکانی وەکوو لایەنگرانی پەهلەوی، رەفسەنجانی ، تەبەسی ، خامنەیی و هەزاران ئاخوندی رژیم دزیویانە. گەلی کورد لەو سامانە بێبەش کراوە و حکومەتی دادێ دەبێ بۆ ئەستاندنەوەی ئەو دارایەتییە و قەرەبووکردنەوەی زیانی گەلی کورد بەرنامەیەکی تایبەتیی هەبێ.
مەسەلەیەکی زۆر نا بەجێ و زەق لە هەلوێستی ئەو حیزبەدا دەکەوێتە بەر چاو کە جێی داخە و بێ سەرنجدان بە سەرجەمی نووسراوەکە زەقیان کردووەتەوە. دیارە ئەو خالەش بۆ پێخۆشبوونی ترکان و پان ئیرانیست- شوێنیستەکانی ئێران نوسراوە، دەنا هیچ پێویست نەبو ئاوا زەقی بکەنەوەو خۆ بکەنە بەرپرسی بەرێوەبردنی ویستی دوژمنانی گەلی کورد و لە تەنیشت ئەوەشدا باسێك لە دژایەتییان لەگەڵ هەبوونی کۆماری مەرگ وهەژاریی ئیسلامیی نەکەن.
بەندی 8 بەرنامەی سیاسی لە بەیانییەکەدا بەم جۆرەیە: " دژایەتی لەگەل هەر چەشنە هەولّی جوداخوازی، نەتەوەپەرستیی توندرەوانە، نەتەوەپەرستی سەرەتایی کورد، دوگماتیزمی ئایینی و تێروانینی چەپی شوڤینی".
نوسەر یا نوسەرانی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوە بتوانن ژێستی ئێرانچێتی لە بەرامبەر بەرێوەبەرانی ئێستای ئێراندا بگرن خۆیان خستۆتە پاڵ شوێنیستەکانی نەتەوەی فەرمانرەوا نەتەوە پەرەستەکانی فارس و " دۆگماتیزمی ئایینی" ( بخوێنەوە ئاخوندی کەللە ئیشکی بیر تەسك) و" تێروانینی چەپی شۆڤێنی". جیا لەوە بەکارهێنانی ئەم چەمکە نائاشنایانە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا گومانی خۆدەربازکردن لە هێندێك گیروگرفتی سیاسیی

لێدەکرێ و نیشاندەدەن کە نووسەران زۆر زوو ئەوەی وەکو پرەنسیپ و قانوون پێشنیاری دەکەن لەبیری دەبەنەوە. لەلایەك داوای مافی نەتەوەیی دەکەن، ئالاّی تایبەت بەکوردستان شەکاوە رادەگرن، سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب مایە قەومی کوردزبان پێناسە دەکەن، ناوەکەیان لە کۆمەڵەی ژك نزیك دەکەنەوە هەرچەند وەکو کۆمەڵەی شۆرشگێر ناوی کۆمەڵەی ژ.ك. لەسەر خۆی دادەنێ و پاشان دەبێتە دوژمنی بیروبۆچوونەکەی و بەدنەدانی تاقمی گومانلێکراوی سەهەند و بەناوی تێئۆری سێ سووچ " ئەمپریالیزم، کۆماری ئیسلامیی و کوردی شوێنیست( حدك)شەر بە کورد دەفرۆشن، کە لەئاکامدا خۆیان و کورد تووشی ئەو ئاکامە تاڵە دەکەن کە دەیبینین. لە بەر چییە کە نووسەرانی ئەو بەیانییەیە ئەو ژێستە سیاسییە دەگرن، لە حالێکدا بە پێی پرەنسیپی قبووڵکراو هەموو بیر و بۆچوونێك ئازادە و نووسەرانیش قبووڵیانە . ئەگەر سبەیرۆژ گەلێ کورد گوتی دەیەوێ سەربەخۆ بژی ، یان دەیەوێ لەبری دەولەتی فێدرالی کوردستان، کۆنفێدرالیی و مافی وەکو یەك و حاکمییەتی خۆی گەرەکە ، چۆن دژایەتی لەگەل دەکەی؟ بە پێی کام ماف سەرکوتی دەکەی؟ یان ئەو نەتەوەگەرییە دێموکراتییەی سەرۆك ئوجەلان چۆن لە کوردستانی ژێر دەسەلاّتی ئاخوند کە لەخوایەتی نایەتە خوارێ و بە پێغەمبەرییش رازی نابێ بە پێی ئەو بەندی هەشتە جێگیر دەکرێ؟ قەبووڵی ئەوە کە سەرۆك ئۆجەلانی گیراو لە ئیمرالی سەرۆکی هەموو کوردە بەومانایەیە کە کورد هەموو یەکن؛ سنوور بێ سنوور، مەگەر بگوترێ ئەوە هەر لەپێوەندیی نێوخۆیی کورداندا بەکاردێ و ( مەسرەفی نێوخۆیی هەیە ) لە پێوەندیی نێودەڵەتیدا لەبەر خاتری کەمالیزمەکە لە کوردستانی ئێران قەدەخەی دەکەم و هەر کوردێك باسی بکا دەبمە دوژمنی.

هەموو کوردێك مافی رەوای خۆیەتی داوای کۆنفێدرالی بکا ؛ داوای سەربەخۆیی بکا، خودموختاریی بوێ، هەر وەها داوای کوردستانی گەورەش بکا. پێش گیرانی بەرێز ئوجەلان، پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ ئامانجی ستراتێژیکی حیزبەکەی بوو. هەبوونی لاوانی کوردی رۆژهەلات لە ریزی بزووتنەوەی باکووردا جیا لەو دروشمە هۆکارێکی دیکە نەبوو بۆ راکێشانیان بەرەو مەرگ. درووست کردنی ئەو حیزبە نوێیە لەو کەسانەی لەریزی پکك و کدك دابوون و ئێستاش بەرێز ئۆجەلان بەسەرۆکی نەتەوەیی نێودێر دەکەن بۆخۆی دەلیلی نەگونجاویی ئەو بەندەیە لەگەڵ ئازادیی بیروباوەر ، دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، فەلسەفەی وجوودیی کۆروکۆمەڵی جیاواز. دەسەلاتداران دەتوانن هەر بەو ناوە پێش بە تێکۆشانی ئازادیی سیاسیی هەر ئەو حیزبە سیاسییە بگرن کە لە بەشێك لە پرۆژەکەیدا داوای ئێرانێکی فێدراتیو دەکا.

وێدەچێ نووسەرانی ئەو پرۆژەیە کەسانی جۆراوجۆر و نوێنەری لایەنی جیاجیا بن و بۆ هاوکاریی، ئەو "کوالیسیۆنە" فیکرییەیان کردبێ. یان بۆ رازیکردنی دەسەلاتدارانی ترك و ئێرانی ئەم بەندە نالەبار و نەگونجاوەیان لەو بەشە کە لە ماف و ئازادیی سیاسیی کورد دەدوێن زیاد کردبێ.

نوسەرانی ئەو پرۆژەیە بێ وەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکان ئەوەی لەملاولا وەبەردەستان کەوتووە تێیانڕشتووە. سەیری بەندی 9 بکەن کە دەبێژێ:" دامەزراندنی رێکخراوەکانی مەدەنی و بەرزکردنەوەی ئیرادەی سیاسیی توێژە کۆمەڵایەتییەکان"

هەر لەو بەندەدا دژایەتی لە پیادەکردنی مەبەستەکاندا هەیە. بەگوێرەی نەزەری ئەو نووسەرانە کورد نابێ ناو و پێناسەی نەتەوەیی هەبێ، جونکە ئەو داوایە ناسیۆلیستی و سیاسییە. لەبەر ئەوە کە رواڵەتی مەدەنیی نییە، دەچێتە "خانەی ئەمنییەتییەوە" لەلایەکی دیکەوە پێکهێنانی کۆرو کۆمەڵی مەدەنی، بۆ سەپاندنی داوای فەردییە نە سیاسیی، لەو رووەوە کە فێدرالیزمخوازی ، دابەشکردنی دەسەڵاتە ، یا داواکردنی مافی نەتەوەیی بیرۆکەی جیاوازیخوازیی تێدایە، ئەمانە بڤەن و چون باری سیاسییان هەیە و کورد بۆ ئەوە تووشی "خانەی ئەمنییەتی" نەبێ نەیانبێژێ و داوایان نەکا. واتە ئەوەی کەمالیستەکانی تورك لە ە.د.پ. و پکك و حیزبە کوردییەکانی دەوێ ئەوان خودکار بەجێی بێنن. نووسەران وادیارە باش لە کۆمەلگە مەدنیەکە ی تێئۆریداتاشان حاڵی نەبوون کە چەمکی دژ بەیەکیان لەو بەندەی گەلاڵەکەیاندا هێناوە.

لەمەر بەرنامەحقووقیەکان.

هێنانی ئەم بەشە لەو گەلاڵەیە لەراستیدا سڕینەوەی فێدرالیزمەکەیە کە داوای دەکەن. لێرەدا، نووسەران تووشی سەرلێشێواوییەك بوون و نازانن بەرەوکوێ دەچن. لەلایەك داوای ولاتێك دەکەن کە بە شێوەیەکی فێدرالی بەرێوە بچێ. واتە دەسەلاتی ناوەندیی تێکبرمێ و بەسەر بەشە جیاوازەکاندا دابەش بکرێ. ئەو بەشە جیاوازانەش بریتین لە ئازەربایجان ، کوردستان، بلوچستان ، خوزستان و تورکمەنسارا و ناوچە فارسنشینەکان. ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەیە. بوونی ئەو نەتەوانە بە ناوی قەوم لە قانوونی بنەرەتیدا (ئانایاسا )ناسراوە. ئەوەی لەو گەلانە زەوتکراوە دەسەلاتی سیاسیی و ئابوورییە. مەسەلەکەش تەواو سیاسییە نە حقووقیی. رێفراندۆمیش بۆ مافی سیاسیی دەکرێ . گەلی کورد هەرگیز بەوە رازی نابێ خەلکی رەفسەنجان و تاران لە رێفراندۆمدا بریاری بۆ بدەن کە ئایا مافی فێدرالی بدرێ بە کوردستان یان هەر لەژێر دەسەلاتی قوم دا قوم بێ. دەبێ لەخەلکی کورد بپرسن کام چارەنووسێك بۆخۆی دیاری دەکا ؟ دەیەوێ هەر ئاوا بمێنێتەوە یان خودموختاریی دەوێ؟ خودموختاریی دەوێ یا فێدرالیی، کونفێدرال بێ یان سەربەخۆ. .بۆ ئەو ویستانە دەبێ لێی بپرسن. بەلام ئەوە کە تاقمێك لە تاران قانوونێك لەسەر بنەمای کەمالیزم بنووسن و کورد بە ئاو نا بریاری بۆ بدا، لە ئارادا نابێ. کورد لە کۆماری ئیسلامییدا زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیی بۆ مافی خۆی تێکۆشاوە، زیانی وێکەو تووە، قوربانیی داوە . ئەو گەلە هەرگیز بەوە رازی نابێ هەر لە ئێستاوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی لێ زەوت بکەن و لە پێکهێنانی کیانی سەربەخۆی ئازاد بیترسێنن. هیچ گەلێکی وەخەبەرهاتووی سەردەمی ئێستا کە هاواری دێمۆکراسیی، هەموو جیهانی پرکردووە ناچێتە ژێر کەماڵیزمی هاری گورگە بۆرەکان. سەردەمی کوردقران دەوری نەما. خۆراگریی بەرێز سەرۆك مەسعود بارزانی رێبەری سیاسیی کورد لە باشوری کوردستان و هاودەنگیی بەرێز جەلال تاڵەبانیی رێبەرێکی دیکەی سیاسیی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە لەبەرامبەر ویستی لەشکرکێشیی ژێنەراڵەکانی ترك ئەو راستییەی سەلماند کە تەنیا بە پشتیوانیی هەموو گەلی کورد و پێداگرتن و سووربوون لەسەێر ویستی نەتەوایەتی، رێبەرانی کورد سەرکەوتنی سیاسیی وەدەست دێنن و کەسایەتی بەرزی سیاسێ ئەوان دەپارێزرێ. ئەو هەڵوێستە بوێرانەیە کە ئاواتی کوشت و بڕی کوردی لە دڵی ژێنراڵەکانی ترکدا مراند و ئالای نەتەوەیی کوردستانی بەرز کردەوە ،

هەرگیز فەرامۆش ناکرێ. کورد ئەوە باش دەزانێ کە تەنیا هەڵوێستی نەتەوەیی دەتوانێ چارەساز بێ. بە دانەواندن بۆ دوژمن هیچ مەبەستێکی سیاسیی و ئازادکردنی ئۆجەلان وەدی نایە.
بەندی دووهەم و باقی بەشەکانی ئەو بەشە پێوەندیی راستەو خۆیان بە شکلی حکوومەتی دادێوە هەیە و هێنانیان لەو بەشەدا هەر دووپاتکردنەوەی گشتیی وتە سیاسییەکانە و پێویست بە نووسیینەوە ناکا.
ئەو بەشە زیاتر بۆ تورکیە دەبێ کە کورد و نوێنەرایەتیە سیاسییەکەی دەیەوێ قانونی یەکدەستی ولات هەوای دێموکراسیی لێیدا و لەوێ ویستی فێدرالیزم و رێفراندۆم و بەشداریی لە دەسەڵات لە ئارادا نییە.
جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە بەندی 4 و داواکردنی مافی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریی بۆ ژنان ئەگەر لە کەترەخەمیی سەرچاوەی نەگرتبێ دەبێ لە تێروانینێکی نە مەدەنیی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتبێ. جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە چارەنووسی هاوبەش هەر ئەو کارەیە کە کوماری ئاخوندیی کردوویە و دەیکا. ئەو بەندە بەو شێوەیە دارێژراوە:
"4- بە وەلانانی نایەکسانیی رەگەزیی ( مەبەستی نووسەر دەبێ جسن یان جینس،جنس بوو بێ) کە لە زێهنییەتی پیاوسالار و تێروانینی شەرعی سەبارەت بە ژنان سەرچاوە دەگرێت . دابینکردنی مافی سیاسی ، ئابوری و کۆمەلایەتی بۆ ژنان".
ئەو مافەی کە وەکو پشکێك بۆ ژن داوا دەکرێ لەراستیدا لە مافەکانی مرۆفدا هاتوون و پێویست بە جیاکردنەوە و دووپات بوونەوە ناکەن. ژن لە کۆمەلدا هاوبەشە. وەکو پیاو هەموو مافێکی هەیە. ئەوانەی فێمینیستن وەکو ئەوانەی حیزبی تایبەتی بۆ ژنان دروست دەکەن لەراستیدا لە نێوشانی دەردێنن و لە ئاتەگی دەکەنەوە. ئەوکەسانە هەر ئەوکارە دەکەن کە ئاخوندەکان دژ بە ژن و پیاو کردوویانە و دەیکەن.
ئەو بەشەی کە پێوەندیی بە ئابووریی وڵاتەوە هەیە، بێ لەبەرچاوگرتنی سیستمی فێدرالەکە نووسراوە. ئەوە بۆ سیستمی ئابوورییەکی سێنترالی دەبێ و وەلامدەرەوەی گیروگرفتی ئابووریی کوردستان نییە.
ئابوریی کوردستان بنەمایەکی نییە تا ئەم قانوونانەی بەسەردا داسەپێنن. نە کارگەیەکی بەرهەمهێنان هەیە نە سەرمایەیەك کە پرۆژەیەکی ئابووریی پێ وەگەر بخرێ. کورد مالی بەشانیەوەتی و بو وەگەرخستنی کارگەی سەرمایەداری دووره ولاتان بووەتە فرفرە و بۆ هەموو کەس کار دەکا بۆ خۆی نەبێ. ( تکایە راپۆرتەکانی وەزیری نێوخۆیی دەولەتی ئینقلاب واتە هاشم سەبباغیان لەسەر ئابووریی کوردستان بخوێننەوە، تا لە مەر سیاسەتی حکومەتەکانی ناوەندیی بۆ کوردستان ئاگادار بن)
لە بەشی ئابوورییەکەدا نووسەران باس لە بیمە و کۆمەڵگای دێمۆکراتی – ئێکۆلۆژیك و بنکە و بنیاتی وەرزش دەکەن کە سەرنج راکێشن.
نووسەرانی ئەو گەڵاڵەیە رەنگە نەزانن هەموو ئەو دامو دەزگایانە کە ئەوان ناوی دەبەن هەیە و زۆر بەزیادیشەوە لە ئێران و لە کوردستان هەیە. بەلام ئەوەی هەیە بۆ فەساد و چاوبەستنە. ئەو انەی ولاتی خویان لێ بووەتە دۆژە و لێی رادەکەن، لە دەست نارەوایی حاکمییەت رادەکەن. لەنەبوونی ئازادیی رادەکەن. لە ستەمی نەتەوایەتی هەڵدێن و سنگیان

بە گوللەوە دەنێن. ئەوانەش وەکو برا و خوشکەکانیان لە کوردستانی داگیرکراوی بەردەستی ترکان و لە ستەمی 406 ژاندارمی ترك هەڵدێن کە دەستدرێژیی حکوومەتیی سازماندراو بۆ سەر ژنە کوردێك دەکەن. ئەوانە لە دەست باندە مافیاییەکانی کۆماری مەرگ و وێرانیی و بەڵا و پەتای تاعونی ئاخوندیی رادەکەن. ئەوانە لەو سیستمە نگریسە نامرۆڤانەیە رادەکەن.

گەلی کورد دەیەوێ نەك هەر لەم سەردەمەدا لە دەست ئەو رژیمە رزگاری بێ بەڵکو دەیەوێ وەچەی دوارۆژیشی لە پەتای دوژمنانی گەلەکەی بپارێزێ.

نووسەرانی گەڵالەکە لە کۆتایی نووسراوەکەیاندا خەتە سیاسییەکەیان دەگۆڕن و دێنەوە سەرەتای قەوانەکەیان و بەزمانێکی دیکە بزگوڕان لە کەوڵی کونکونی گەڵاڵەکە دەدروون و دەنووسن: 4-" گەلی کورد دەبێ بە بنەما گرتنی رێبازی شارستانییەتی دێموکراتیکی و پشتبەستن بە ئەزموونی دەوڵەمەندی بزووتنەوەی مۆدێرنی ئازادی کورد و هەر وەها بە گەشەپێدانی سەرهەڵدانی سیاسی- دێموکراتیك لەسەر بنەمای رێبازی پاراستنی رەوا و بە هێزکردنی لایەنی رێکخستنی خۆی لە گەیشتن بە مافەرەواکانی و خستنە ژیانی پرۆژەی چارەسەری دێمۆکراتیك تێبکۆشی"

نووسەرانی بەیانیە هەر وەکو سەرەتا نالێن ئەو بەرخودانە دێموکراتیکە چییە کە مۆدێرنە و پرۆژەی چارەسەریی هێناویە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو گەلاکەیە سوپێرمارکێتێکی ئەوتۆیە کە پرە لەشتی سەیری بەرواڵەت تازەبابەتی بێ کەڵك کە هەر بەکاری تاقمێکی بێ ئەزموونی سیاسیی دێ کە لە دێرە کتێباندا سەرگەردان ماوەتەوە . بۆ خەلکی ئاسایی کورد نەبەکاردێن و نە خەلکیش دەتوانێ ئەو سامانەی بە قیمەتی خوێن و فرمێسك و کاول بوونی مالی وەدەستی هێناوە بیخاتە تای تەرازوی چەمکی مەدەنی کە حاشا لەبوونی نەتەوەیی کورد دەکا. ئەوە نە وەلامدەرەوەی مەسەلەی کوردە و نەویستی گەلی کورد.

لە ئاخر بەندی نووسراوەکە دا دێرێك سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو حیزبە کە هێشتا پێك نەهاتووە خۆی کردووەتە ناوەندی بریاردان و هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکان دەبێ کوالیسیونی لەگەل پێك بێنن و پرۆژەی چارەسەری بەرەوپێش بەرن. پرۆژەیەك کە مەعلوم نییە چی دەوێ. پرۆژەیەك کە بەرنامەدارێژانی شاراوەن و لە سیمای سیاسیی کوردستانی ئێراندا کار و تێکۆشانی سیاسییان نەبووە.

بەر لە هەموو شتێك دەبوو رێبەرانی ئەو حیزبە ناسراو، سەربەخۆ ، خاوەنی بەرنامەیەکی روونی سیاسیی بن و رێز بۆ خەباتی سازمان و حیزبە سیاسییەکانی دیکە دابنێن و بۆ بەرژەوەندیی کورد لە کوردستانی ئێران تێبکۆشن و بێ خۆ بەزلزانیی و خۆکردنە رێبەر و من منم کردن سەرەرای ئەو بەرنامە ناتەواو و نەروونەوە، متمانەیان دابا بەو سازمانانە کە پرەنسیپ و ئوسولی خەبات دەپارێزن و خۆیان لە بەرامبەر ویستی نەتەوایەتی کورد بەرپرس دەزانن و خوازیاری هاوکارییەکی هەمەلایەنەن. ئەو حیزبە دەبوو داوای هاوکارییەکی سیاسیی و برایانە بکا و بە روحێکی کوردانەوە بێ گرێدانی خەباتی کورد بە بەرژەوەندیی دەولەتە کانی جیرانی کوردستان لە بەرەیەکی هاوبەشدا کارو خەبات بۆ تێکشکاندنی دەسەلاتی سیاسیی ناوەندیی و دامەزراندنی نیزامێکی فێدرالی دەست پێبکەن و هێلی سور بۆ هەلس و کەوتەکان دیاری بکەن و رێگای چارە سەریی بۆ مەسەلەی کورد

بدۆزنەوە . مافی شارومەندیی و خنزرپنزرەکانی تێۆریداتاشان ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد چارەسەر بکا
دۆزی کورد مەسەلەیەکی سیاسییە و ڕێگا چارەی سیاسیی هەیە . لە نێو خۆی ولاتدا بە تێکشکاندن و دابەشکردنی دەسەلات بە سەر گەلانی ئەولاتە و دامەزراندنی حاکمییەتی نەتەوەیی کورد و بەخاوەنکردنی سامان و داهاتەکانی کوردستان لە لایەن کوردەوە بۆ کوردستان ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکرێ. لە دەرەوەی بەشەکانی کوردستانیش دەبێ هەوڵی ڕێکخستنی خەباتی نەتەوەیی بدرێ بۆ ئەوە کورد یەك خیتابی سیاسیی هەبێ.
چاوەروانی دەکرێ ڕێبەرانی کوردی باشور و وەزارەتی دەرەەوەی عێراق بتوانن یارمەتیدەری پێکهێنانی دەزگایەکی رەسمیی نێونەتەوەیی بن کە نوێنەرایەتی گەلی کورد بکا تا بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو پەیمانانەی کە دژ بەبەرژەوەندیی کوردن وکوردستانیان پێ لەت کردوون، کە یەك لەوان پەیمانی لۆزانە، لە کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان ڕێگایەك بکەنەوە و فکری ڕێگاچارەیەیەکی نێودەولەتی بۆ مەسەلەی کورد لە بیروڕای گشتی و نێودەڵەتییدا شێلگیرانە بەرەوپێش بەرن و هەبوونی نوێنەرایەتییەك وەکو چاوەدێر وەکو فلستینییەکان لە کۆر و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا داوابکەن. ڕێبەرانی سیاسیی گەلی کورد بەتایبەتی لە باشوری کوردستان دەتوانن دەوڵەتەکانی دەور و بەر بۆ قبولی واقعییەتی جیهانی نوێ و پێکهێنای ئالوگۆر لە سیستمەکانیاندا کە بەرژەوەندیی کورد بپارێزن بخەنە ژێر گوشار و بۆ ئەو ئامانجەش لە دۆستایەتی هاوپەیمانان کەلك وەرگرن. چارەنووسی کورد هەموو بەیەیەکەوە گرێدراوە. با ئەو هەلە مێژووییە لە دەست نەچێ. بەخۆشییەوە ئێستا سەردمێکە کە دەنگی گەلان لە کاریگەریی چەکی ملهور و دیکتاتۆران بەهێزترە. با لەو دەرفەتە کەڵك وەربگیرێ و کوردیش ببیتە گەلێکی خاوەن کیان تا وزەو هزری کورد سەربەخۆ خزمەت بە ژیاریی و جیهانی مرۆڤایەتی بکا.

بەو هیوایە کە ئەم نووسراوەیە بە دڵفراوانییەوە وەربگیرێ و لاوەکانی گەلی کورد لەو حیزبە نوێیەدا بە وردبینی سەرنجی بدەن. لە ئەزموونە تاڵە مێژووییەکانی گەلی خۆیان فێر بن و ڕێگە نەدەن لەوەزیاتر گەلەکەیان ببێتە دەستەچیلەی ئاگری داگیرکەران و بۆخۆشیان ڕەنجیان بە فیرۆ بروا.. ح. ئەیوبزادە